ڕاگەیاندن سەبارەت بە:

## نامەی Amnesty لە وەڵامی ڕاگەیاندنی سەنتەری منداڵاندا سەبارەت بە بڕیاری سزا دانی خوێندکاران..!!

11 دیسمبر 2006

santarimnalan@yahoo.com

**دوابەدوای دەرکردنی بڕیاری سزادانی خوێندکاران لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم بڕیارە، وە بۆ بەرگری کردن لە مافەکانی خوێندکاران و منداڵان، سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان دەستی دایە کەمپەینێکی هەمەلایەنە. جگە لە دەرکردنی ، ڕاگەیاندن ووتارو ڕوونگردنەوە، لەم بارەوە بەرپرسی سەنتەری منداڵان چەندین چاوپێکەوتنی ڕادیۆیی ئەنجامدا، و نامەی نارەزایەتی بۆ چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نارد ، لەوانە** Amnesty **لە سوید ،** UN **و** Save Children.

**لە وەڵامی هەوڵەکانی سەنتەری منداڵاندا بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزادانی منداڵان لە قوتابخانەکانی کوردستان و بەرگری کردن لە مافەکانیان ، وە هەروەرها بۆ ئەوەی کە ئەم فشارە لە پشتیوانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بەهرەمەند بێت، بۆ جاری دووەم** Amnesty **لە سوید وەڵامی نامەی سەنتەری منداڵان دەداتەوە، لە دوایین نامەدا هاتووە کە:- ئێمە لە ئەمنستی ئەنتەرناشێۆناڵ لە سوید نوسنیگەی سەرەکی خۆمانمان لە لەندەن لەم بڕیارە ئاگادار کردۆتەوە، ئەوان لە هەواڵێکی لەم جۆرە ئاگادار نەبوون، ئەگەر ئەتوانن ئێمە پێویستمان بەو سەرچاوانە هەیە کە ئەم بڕیارەی لێوە بڵاو کراوەتەوە، ئێوە ئەو سەرچاوانە، یان کۆپی بڕیارەکە بۆ ئێمە بنێرن تاوەکو ئێمەش بیگەیەنینە نوسینگەی سەرەکی ئەمنستی ئەنتەرناشیۆناڵ لە لەندەن. شایانی باسە هەر ئەمڕۆ کۆپی بڕیارەکە و سەرچاوەکانی بڵاو کردنەوەی ئەم هەواڵە لە دوتوێی نامەیکدا ئاراستەی ئەمنستی ئەنترناشیۆناڵ کرا بۆ کاری پێویست لەم بارەوە.**

**سەرکەوتوو بێت هەوڵ و خەباتی سەنتەری منداڵان لە پێناوی بەرگری کردن لە مافەکانی منداڵان و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سزای لێدان لە منداڵان ، وە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی لێدان و توندو تیژی لە دژی منداڵان.**


**شێرزاد فاتح**

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵان**

Tel: 00 46 73 57 15 449

www.santarimnalan.com